سودانی: بەردەوام دەبین لە کارکردن بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و سنووردارکردنی چەک



محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەمڕۆ سێشەممە جەختی لەسەر بەردەوامبوونی کارکان کردەوە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە هەموو پارستنی ئاسایش و سنووردارکردنی چەک لە دەستی دەوڵەتدا.

سودانی لە پۆستکدا لە پەگەی (X) کە ئاژانسی هەواڵی موتەبع باویکردەوەتەوە تێیدا، ڕایگەیاند: "لە ١٠٥ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی سوپای عێراقدا، سڵاو بۆ هەموکانمان لە هێزە چەکدارەکان دەنێرین، و بە شکۆ و پێزانینەوە لەبەردەم قوربانییەکانی شەهیدان و بریندارە قارەمانەکاندا دەوەستین کە بەرگرییان لە عێراق و سەروەری و خاکەکەی کرد، و جەخت لە پێرەشی حکومەت دەکەینەوە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بۆ بەهێزکردنی تواناکانی هێزەکانمان بە چەک و کەرەستەی پێشکەوتوو و نوێ."

هەروەها وتیشی: "بۆ بەردەنگی بە خەمانمان دابوو هەنگاومان نا بۆ گەیاندنەوەی سەروەری تەواو بە عێراق و کۆتاییهێنان بە ئەرکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، و بە فەزڵی ئەو سەقامگیرییەی عێراق تێیدایە، بۆ هەنگاوی دەنیایەوە جوڵاین بۆ کۆتاییهێنان بە کارکانی نەردەی نێتۆ یەکگرتووەکان (یەنامی). بەردەوامیش دەبین لە کارکردن بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە هەموی پاراستنی ئاسایش

و سنووردارکردنی چەک لە دەستی دەوڵەتدا، وەک جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت و هاوتەریب لەگەڵ داواکارییەکەی مەرجەعیەتی باڵا."